
ئاسایشی نیشتیمانی دەستگیرکردنی بازرگانانی چەك لەچەند پارێزگایەك راگەیاند



ئەمە شەمە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق دەستگیرکردنی بازرگانانی چەك و دەستبەسەرداگرتنی پاشماوەی چەتەکانی تیرۆریستی داعشی لە ژمارەیەك پارێزگا ڕاگەیاند.

ئاژانسەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: لە درێژەی هەوڵەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی ئاسایش، و بۆ پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ قڕتیسکردنی چەك لە دەوڵەت، مەفرەزەکانمان لە ژمارەیەك لە پارێزگاکان توانیان دەست بەسەر ژمارەیەك چەك و کڕەستە و پاشماوەی جەنگدا بگرن.

ئاماژە بەوەشکراوە : دەزگای ئەمنی لە بەغدا دوای بەدەستهێنانی ڕێزامەندی دادوەری توانی دەستی بەسەر خانوویەکی نیشتەجێبووندا بگرێت کە بە هەڵگرتن و بازرگانیکردن بە چەك بەکارهاتووە، لەوەشدا یەکێك لە تەمەتبارەکان دەستگیرکراوە.

لەکاتی لەکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دانی بەوەدانا کە چەکی دیکە لە یەکێك لە باڵەخانەکانی دراوسێدا هەڵگیراون و دەستبەجێ هەڵیانکوتایە سەر ئەو باڵەخانەیەی کە پێشتر باسکرابوو، هەروەها بڕە پارەیەکیش بە بڕی (41,750,000) چل و یەك ملیۆن حەوت سەد و پێنجا هەزار دیناری عێراقی و چەکی سوك و (4) نارنجەکی دەستی لە گیراوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە : لە شاری کەرکوك، دوای ئەوەی زانیاریمان لە هاوڵاتییەکەوە دەستکەوت لەسەر بوونی کەمێك کەرستەی سەر بە توخمە تیرۆریستییەکانی داعش، دەستبەجێ مەفرەزەکانمان، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری، بەرەو شوێنی کەمێنکە ڕەیشتن و (3) گوللە هاوێن و دوو مووشەك، و کەرستەی جەراوجەریان دەزیوە،هەروەها مەفرەزەکانی ئاژانسەکە لە ئێنبار توانیان دەست بەسەر پاشماوەی ئێندامانی ئەو قەوارە تیرۆریستییە بگرن کە پێکهاتبوون لە 20 (جلیکان) کە مادەی تێقینەوە و 10 راستەی تێقینەوەیان تێدایە.

ئاماژەی بەوەشکرد : لەهەمان پارێزگا، بە پشتبەستن بە زانیارییەهەواگرییە دروستکان، بازرگانێکی چەك دەستگیرکرا، ژمارەیەك چەکی جەراوجەر و پارچەی یەدەگ و کەگای کەلوپەل و نارنجکی دەستی لەگەڵدا دەزرایەوە کە بەنیازی بازرگانیکردنە.

ئاماژە بەوە کراوە : دەزگای ئەمنی لە دیالە توانیویەتی، لە ڕێگەی گەیان بەدوای یەکەك لە زەویە کشتوکاڵییەکان، بەرمیلێکی ئاسنی بدزێتەوە کە لەسەر شانی یەکەك لە گەڕەکان نێژراوە کە (ئامێری تێقینەوە، کەگای کەرستە، مووشەك، بەمبی هاوێنی جەراوجەر، و ژمارەیەك لانچەری جەراوجەر)ی تێدابووە.

لە کۆتایی هاگەیەندراوەکەدا هاتووە: تەمەتبار و کەلوپەلەکانی دەستبەسەرداگیراو ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار کران بۆ گرتنبەری ڕەوشوێنی پێویست بەپێی یاسا.